# کارامەیی نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی (Report)

**ڕاپۆرت:** بریتییە لە خستنەڕووی واقیعی بابەتێك بەتێروتەسەلی لەڕێگەی وردبوونەوسەرنجدان یان ئەنجامدانی یاخود توێژینەوە لێی. واتە ڕاپۆرت دۆکیومێنتێکی فەرمی و ڕێکخراوە کە ئامادە دەکرێت لەپێناوی وەڵامدانەوەی پرسیارێك یاخود چەند پرسیارێکی دیاریکراودا.

- **نووسەر ڕاپۆرت ئامادە دەکات و دەینووسێ بەمەستی گەیاندنی زانیاری یان بەمەستی خستنەڕوو و شیکردنەوەی بۆچوونێک یاخود بەمەبەستی باوەڕپێهێنانی جەماوەر بە بابەتێک.**
- **ئەو خاڵانەی کە لەکاتی نووسینی ڕاپۆرتدا، نووسەر دەبێت لێیان ئاگاداربێ:**

١) زانیاری و تێگەیشتنی باشی هەبێت بۆ ئەو بابەتەی کە لەسەری دەنووسێ.

٢) دەبێت ئامانجەکانی نووسینەکەی بزانێ.

٣) دەبێ ئاشنا بێت بەو جەماوەرەی کە ڕاپۆرتەکەیان بۆ دەنووسێ.

# پێکهاتەی ڕاپۆرت (Report Structure)

١) ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)
٢) پێشەکی (Introduction)
٣) ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)
٤) کەرەستە بەکارهاتووەکانی کۆکردنەوەی زانیاری.(Data collecting tools)
٥) جەوهەر و کرۆکی ڕاپۆرتەکە (Body of report-detailed discussion)
٦) پوختە یان دەرئەنجامەکان (Conclusion or summary)
٧) سەرچاوەکان (Reference)

# ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)

- ئەم بەشە لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت و پێویستە لاپەڕەکە ئەم زانیارییانە لەخۆ بگرێت:

١) ناونیشانی زانکۆ،کۆلێژ، بەش، قۆناغ (لە بەشی سەرەوەی لای ڕاستی پەڕەکە)
٢) لۆگۆی دامەزراوەکە زانکۆ و یاخود پەیمانگە (لەبەشی سەرەوەی ناوەڕاستی پەڕەکە)
٣) ناونیشانی تەواوی ڕاپۆرتەکە (لەناوەراستی پەڕەکە)
٤) ناوی سیانی ئامادەکاری ڕاپۆرت (لە ژێر ناونیشانی ڕاپۆرتەکە)
٥) ناوی سەرپەرشتیار
٦) ساڵی خوێندن

# پێشەکی (Introduction)

١) پێشەکی ڕاپۆرت پێکدێت لە کورتەیەك لەسەر ڕاپۆرتەکە کە مەرجە سێ بڕگە لەخۆبگرێت.

١. بڕگەیەك تایبەت بێ بەناساندنی ناونیشانی ڕاپۆرتەکە.
٢. بڕگەیەك تایبەت بێ بە خستنەڕووی ئامانج و مەبەستی ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکە.
٣. بڕگەیەك بەشەکانی ڕاپۆرتەکە بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بخاتە ڕوو.

# ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)

نووسەر ڕاپۆرت ئامادە دەکات و دەینووسێ بەمەستی گەیاندنی زانیاری یان بەمەستی خستنەڕوو و شیکردنەوەی بۆچوونێك یاخود بەمەبەستی باوەڕپێهێنانی جەماوەر بە بابەتێك.

# سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری
# (Sources of Data collection)

- داتاو زانیارییەکان بە دوو ڕێگا بەدەست دێن: یان کەسەکان خۆیان ڕاستەوخۆ داتاکان بەدەست دەخەن، یان لە ڕێگەی دامەزراوەی تایبەتمەند بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری.
- سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پۆلێن دەکرێن بۆ دووجۆر:

**یەکەم: سەرچاوە باوەکان** (Traditional Resources)

١. سەرچاوە بنەڕەتییە ڕاستەوخۆکان (Primary of the Sources)

ئامار (Documents & Records)، چاوپێکەوتن (Interviews)، فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaires & Surveys)، سەردانی مەیدانی ( Focus Groups)، تێبینیکردن (Observations)

٢. سەرچاوە لاوەکییە ناڕاستەخۆکان (Secondary of the Sources)

(کتێب، گۆڤارە زانستییە متمانە پێکراوەکان، داتاو ڕاپۆرتە فەرمییەکان)

**دووەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان** (Electronic Resources)

(کتێبە ئەلیکترۆنییەکان، بابەتی وێبسایتەکان، داتابەیسە فەرمییەکان)

# پێکهاتەی ڕاپۆرت (Report Structure)

١) ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)
٢) پێشەکی (Introduction)
٣) ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)
٤) کەرەستە بەکارهاتووەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. (Data collecting tools)
٥) جەوهەر و کرۆکی ڕاپۆرتەکە (Body of report-detailed discussion)
٦) پوختە یان دەرئەنجامەکان (Conclusion or summary)
٧) سەرچاوەکان (Reference)